# سۆفیگەری دیاردەیەکی جیهانییە

ئەبوئەلعەلا عەفیفی
لە عەرەبییەوە: د.عوسمان یاسین

ئەم نووسینە دەروازەی کتێبی (التصوف..الثورة الروحیة في الاسلام)ـە لە نووسینی نووسەری عەرەبی بواری سۆفیگەری (الدکتور ابو العلا عفیفی)یە، کە لە نێوان سالانی ١٨٩٧ -١٩٦٦ ژیاوە. لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی ئەسکەندەرییە لە میسر پرۆفیسۆری فەلسەفە بوو، تێزی دکتۆراکەی بە ناوونیشانی (فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیبن عەرەبی) بەسەرپەرشتی رینۆلد نیکسۆن لە ساڵی ١٩٣٠ نووسیوە و لە بەریتانیا بە زانکۆی کامبریجی پێشکەش کردووە کە دکتۆرای لە فەلسەفە پێ وەرگرتووە. ئەم نووسەرە لە بواری سۆفیگەریدا چەندان کتێب و چەندان دەقی (ئیبن عەرەبی و غەزالی و ئیبن سینا)ی ڕاڤەکردووە.

لەم نووسینەیدا کە وەرمانگێڕاوە نووسەر زۆر بە پوختی وەک دیاردەیەکی جیهانی باس لە سۆفیگەری دەکات، لەبەر ئەوەی ئەم نووسینە دەروازەی کتێبەکەیە، هیچ پەراوێزێکی بۆ دانەنراوە، بەڵام ئێمە بە پێویستمان زانیوە بۆ ڕوونکردنەوە لە هەندێک شوێنی پێویستدا پەراوێزی بۆ دابنێین.

**وەرگێڕی کوردی**

لە ناو خەڵکدا کەسانێک هەن کە بە پلەیەکی بەرزی عەقڵی و ڕوحی گەیشتوون، یان دەتوانین بڵێین لەوپەڕی مەرتەبەی مرۆڤایەتیدان، ئەگەر وای دابنێین کە عەقڵ و ڕوح جەوهەری مرۆڤ و حەقیقەتەکەیەتی. لەسەردەمە جیاجیاکاندا ئەم جۆرە کەسانە ناوی جیاوازیان لێ نراوە، بەڵام سەرجەم ناوە جیاوازەکانیان لە چوارچێوەی ناوێکدا کۆ دەبنەوە، کە پێی دەگوترێت (مرۆڤی تەواو-الانسان الکامل)(١)، ئینجا هەرچەندە ئەم جۆرە کەسانە بە شێوەی جیاواز نەشونما و پەرەسەندنی ڕوحییان تێدا دەردەکەوێت، یان بۆ دەربڕینی خۆیان هۆکاری جیاواز



ئیبن سینا

بەکاردەهێنن، تەنانەت ئەگەر سەرچاوەی هەڵقوڵاوی ئەو کەسانەش لە رووی ژینگە و زمان و ئایینیشەوە جیاواز بێت، بەڵام سەرجەمیان لە یەک سیفەتدا کۆدەبنەوە، کە ئەویش بریتییە لە هەڵوێستیان بەرانبەر حەقیقەتی بوون، هەرچەندە هەر مرۆڤێک بەو پێیەی کە مرۆڤە هەڵوێستێکی تایبەتی سەبارەت بە حەقیقەتی بوون هەیە، یان فەلسەفەیەکی تایبەتی دەربارەی سرووشتی بوون هەیە، ئینجا ئەو مرۆڤە کە درکی پێ کردبێت، یان درکی پێ نەکردبێت، بەوەی زانیبێت، یان نەیزانیبێت کە خاوەن فەلسەفەیەکی تایبەتە لە ژیان.

ئەو هەڵوێستە گشتگیرییەی ئەو کەسانەی باسیان دەکەین لەوەدا چڕبێتەوە کە سەرجەمیان لەوەدا کۆکن و نکوڵی تەواو لەوە دەکەن حەقیقەت ئەوەبێت کە لەجیهانی هەستپێکراو و بەرجەستەکراودا هەیە، چونکە واقیعی هەستپێکراو کە ئەو کەسانەی لەوان کەمتر نەشونمای روحی و عەقڵییان هەیە دەستی پێوە دەگرن و بە هەموو شتێکی دادەنێن، بەڵام ئەو جیهانە هەستپێکراوە تینوێتی ئەو جۆرە کەسانەی باسیان دەکەین، کە خولیایەکی روحی بەرزیان هەیە، ناشکێنێت.بەوە ئۆقرە ناگرن کە تەنیا ئەو حەقیقەتە رووتە بناسن و پێوەندی پێوە بکەن، بەڵکو ئەو کەسانە هەروەک دوژمنانیان دەڵێن لە هەوڵی ئەوەدان نکوڵی لە بوونی بەرچاو دەکەن تا بە حەقیقەتی بوون بگەن.

ئەم جۆرە کەسانە لە خۆرهەلات و خۆرئاوادا هەن، لە جیهانی کۆن و ناوەڕاست و نوێدا هەن، هەروەها لە ناو خەڵکی ئایینە بتپەرستەکانی کۆن و خەڵکی ئایینە ئاسمانییەکانیشدا هەن، هەر هەموویان لە رووە روحییەکەوە دەڕژێنە ناو یەک قاڵب و لە یەک سەرچاوەوە روحیانەت وەردەگرن، بەڵکو وەک ئەوە وان کە تروسکاییەکی رووناکی، کە رووناکی ئەم جیهانە نییە، لە گیانیاندا دەگوزەرێت و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ڕێگایان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە.

ئەم دیاردەیە، دیاردەی سۆفیگەری هەر لەکۆنەوە سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشاوە، ڕێبازە لاهوتییەکان باسیان لێوە کردووە، هەروەها فەیلەسووفەکانیش، لە پێش هەمووشیانەوە (فیلۆنی ئەسکەندەری) (٢) وای بۆ دەچوو، کە سەرچاوەی سرووش و پێغەمبەرایەتی لە هەموو سەردەمەکاندا یەک شت بووە، کە پێیان گوتووە (وشەی خواوەندی- الكلمة الالهية).

(کلمنت) (٣) کە یەکێک لە لاهوتییە گەورەکانی مەسیحی بوو، (وشەی خواوەندی-مەسیح) بەو شێوە وەسف دەکات کە هێزێکی ژیرە (القوة العاقلة) کە لە بووندا هەبووە، پێش ئەوەی لە وێنەی ناسۆنییەت(٤) (وێنەی مەسیح) بەرجەستە بێت. ئەو هێزە سەرچاوەی ژیان و بوونە لە گەردووندا، هەروەها سەرچاوەی سرووش و ئیلهام و زانینە. ئەو هێزەیە کە بە زمانی پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لێ بێت) و بە زمانی پێغەمبەرانی دیکە(سەلامی پەروەردگاریان لێ بێت) خۆی دەرخستووە و قسەی کردووە، هەروەها بە زمانی فەیلەسووفانی یۆنانی قسەی کردووە و حیکمەتی پێ بەخشیون.

هەندێک لە سۆفیگەرییەکانی ئیسلام مەسەلەی (حەقیقەتی موحەممەدی) (٥) لای ئبین عەرەبی بەو شێوەیە وەسف دەکەن کە چۆن فیلۆن و کلمنت وەسفی (وشەی خواوەندی) دەکەن، کە هەردووکیان بە سەرچاوەی هەڵقوڵاوی فەیزی روحی و زانینی ناوەوەی (العلم الباطن) (٦) دادەنێن، هەروەها بە پێی بۆچوونی شیعەکان زانینی ناوەوە بە هۆی میراتی روحییەوە لە یەک ڕەچەڵەک دەگوێزرێتەوە.

هەموو ئەو بۆچوونانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە جۆرێک لە دیاردەی روحی لە سەرووی ئاستی مرۆڤی ئاسایی هەیە، کە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکاندا کۆکن و جیاوازییان نییە. ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە سەر یەک ڕەچەڵەک کە لە هەر کەسێک دەردەکەوێت کە مرۆڤی تەواوبێت (الانسان الكامل)، ئەویش بە پێی ئەو ژینگە

و ئایین و کولتوورەی کە تێیدا سرووشی پێ دەبەخشرێت. ئەم جۆرە کەسانە کە ئیلهام و سرووشیان پێ دەبەخشرێت، بەو هۆیەوە پێوەندی بە جیهانی ڕاستەقینەوە دەکەن.

کەسێک لەگەڵ خولانەوەکانی زەمەندا سەرلەنوێ دەردەکەوێت، یان وەک بڵێیت ئەو کەسانە وەک یەک ڕوح وان و لە هەموو زەمەنێکدا لە وێنەیەکی نوێی (مرۆڤی تەواو) بەرجەستەدەکەن.

ئەو جۆرە کەسانە کە ئیلهامیان پێ دەبەخشرێت و بەهۆیەوە بە جیهانی ڕوحی پەیوەست دەبن، تایفەی سۆفیگەرییە، نەک هەر سۆفیگەری ئیسلامی، بەڵکو سۆفیگەری لە هەموو ئایینەکاندا، بەڵام ئامانجی ئەو تایفەیە، کە هەموو ژیانیان بۆ تەرخان کردووە، یەک شتە، ئەویش گەیشتن بە حەقیقەت، یان لە ڕێگای حاڵەتێکی ڕوحی تایبەتەوە بەو حەقیقەتەوە پەیوەست دەبن، کە بە شێوەیەکی زەوقی ڕاستەوخۆ درک بەو حەقیقەتە دەکەن. ئەو حەقیقەتە لایان ژیانی تەواوە، لە پێناویدا هەموو شتێکی ئازیزی ژیانیان، بە ڕوحیشیانەوە پێ دەبەخشن.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە ستەمکاری دەرهەق بەو تایفەیەی سۆفیگەران و دژایەتی کردنیان. ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی ئایینی بوونەتەوە، چونکە هەڵگری بڵێسەی ڕووناکی ڕوحێکی پیرۆزن، لەبەر ئەوە بە ڕێگای جیاجیا تووشی کوشتن بوونەتەوە، وەک خنکاندن و لە خاچدان و سووتاندنیان، مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لەم ڕووداوانە(٧).

لەمەڕ بەڵگە و ئەرگومێنتی سۆفیگەری دەکرێت باس لە سێ بەڵگە بکەین:

بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر و ڕاستودروستی بۆچوونەکانی ئەو سۆفییانە، لەوەدا دەردەکەوێت کە هەمیشە پێداگیری لەسەر پرەنسیپ و بۆچوونەکانی خۆیان دەکەن و دەستبەرداری پەیامەکەیان نابن، هەرچەندە ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەدان دەبنەوە، هەمیشە لە ژێر هەڕەشەکردنیشدان.

بەڵگەیەکی دیکەی ڕاستگۆیی سۆفییەکان لەوەدا بەدی دەکرێت، کە سەرجەمیان یەک ئامانج و هۆکاریان هەیە، سەرەڕای جیاوازی شوێن و ڕەگەز و ئایینیان، لە کاتێکدا لە ڕووی ئەو ئەزموونە ڕوحییەی کە پێیدا تێپەڕدەبن، شێواز و وردەکاری و وێنەی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرن، بەڵام لە جەوهەر و ئاکامدا یەک دەگرنەوە.

سەبارەت بە بەڵگەی سێیەمیش، پێش ئەوەی قسەی لەسەر بکەین، پێویستە هەڵی بسەنگێنین، واتە پێش ئەوەی دوا قسە لەسەر چالاکی ڕوحی مرۆڤ و پێوەندی بە جیهانی نامادی و هەست پێ نەکراوەوە بکەین، پێوستە ئەو مەسەلەیە هەڵبسەنگێنین:

ڕاستییەکەی هەموو مرۆڤێک لە ساتێک لە ساتەکانی ژیانیدا حەزی بەو (بوونە داپۆشراوە-الوجود المحجوب) کردووە کە پێی دەگوترێت (حەقیقەت)، چونکە هەر لەو کاتەی مرۆڤ بیری لە خۆی و جیهانی دەوروبەری کردووەتەوە، حەقیقەت مرۆڤی عەودال کردووە، تا بە دوای هۆکارەکان و نهێنییەکان و بنەماکانی و چارەنووسیدا بگەڕێت، بەڵام ئەو عەودالی و خۆشەویستییە کەوا لە مرۆڤ دەکات بە دوای حەقیقەتدا بگەڕێت، لە دەروونی مرۆڤایەتیدا ڕەسەنایەتی هەیە، هەروەک چۆن غەریزەی برسییەتی پاڵی پێوە دەنێت بە دوای ناندا بگەڕێت، بەڵام لەوانەیە ئەم عەودالی و خۆشەویستییە بەربەستی بێتە پێش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی و لاوازی بکات، یان بمرێت، بەڵام ئەگەر بەمردنی کەسێک، عەودالی و خۆشەویستی ئەو کەسە بمرێت، ئەوە لە دەروونی کەسێکی دیکەدا سەرهەڵدەداتەوە، سەرەڕای بوونی جیاوازی ڕێگاکانی خۆشەویستی حەقیقەت لە لایەن کەسەکانەوە، یان لەو بوارەی کە حەقیقەتی تێدا دەبینن. لەوانەیە سەبارەت بە شاعیر، وەک (دانتی) (٨) شاعیری ئیتاڵی حەقیقەت لە خۆشەویستەکەی (پیاتریس) ببینێت، کە بەو جیهانەوە پەیوەستە، بەڵام جیهانێکی دیکەمان بۆ کەشف دەکات، کە شاعیر لە خەونی شیعریدا پێی دەگات و دەیبینێت. ئەو جیهانەی کە پیاوێکی ئایینخواز لە میحرابەکەیدا دەیدۆزێتەوە، سۆفی لە دڵی خۆیدا دەیدۆزێتەوە، هونەرمەندیش ئەو جیهانی حەقیقەتە لە جوانی گەردوون دەدۆزێتەوە، ئیتر بەم شێوەیە.

بەڵام سەرەڕای جیاوازی ئەو شێواز و هۆکارانەی کە خوازیارانی حەقیقەت دەیگرنە بەر، هەر ناو و ناوونیشانێکی پێ بدەن، تەنیا سۆفییەکانن کە ڕاشکاوانە باس لەوە دەکەن کە بەو حەقیقەتە گەیشتوونە و ڕووبەڕووی بوونەتەوە و پێوەندییان پێوە کردووە. لەم بانگەشەیەی سۆفییەکاندا جۆرێک لە یەقین و ڕاستگۆیی و ئیمان هەیە، کە سۆفییەکان پێیان وایە خوازیارانی دیکەی حەقیقەت پێی نەگەیشتوون، یان لەم بوارەدا

سەرنەکەوتوون.
گەڕان بە دوای حەقیقەتی ناماددی و نەگۆڕ، ئەزەلی و کۆن، یەک حەقیقەتی گشتگیر، نەک چەندان حەقیقەت، بەقەد کۆنیی فەلسەفە و لە مێژینەیی عەقڵی مرۆڤایەتی لە ئارادا بووە: لەبەر ئەوەی جیهانی هەستپێکراو پڕیەتی لە دیاردەی زۆر و جیاواز، بەڵام خوازیاری حەقیقەتی ڕەها تەنیا یەکێکی نەگۆڕ و جێگیری گەرەکە. جیهانی هەستپێکراو پڕیەتی لە ڕووداوی شیکراوە و هۆکارەکانی دیاری کراون (الاحداث المعلولة)، بەڵام خوازیاری حەقیقەت خودی ڕووداوەکەی گەرەکە دوور لە شیکردنەوکان و هۆکارە دیاریکراوەکانی. جیهانی هەستپێکراو بەکۆتایی و بە کات و شوێن سنووردارکراوە، بەڵام خوازیاری حەقیقەت جیهانی بێ کۆتایی و لە دەرەوەی کات و شوێنی گەرەکە، ئەمانە هەمووی زێدەڕۆیی کردنە لە سەر عەقڵی بەشەری لە داخوازی کردنی حەقیقەت لە سەرجەم وتەزاکانی جیهانی هەستپێکراو، ئینجا لەبەر ئەوە ئەم خوازیارانەی حەقیقەت لە جیهانێکی دیکەدا دەگەڕێت، کە بتوانێت پێچەوانەی ئەم وتەزایانە پەیڕەو بکات. ئەم جۆرە تێپەڕاندنە لە جیهانی هەستپێکراودا لە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی هزری مرۆڤایەتی، بە دەرهاویشتنێک ڕووی داوە، کە شێوازی جۆراوجۆری بە خۆوە گرتووە، سەرەتا بە شێوەی سادە و سەرەتایی بووە، پاشان گەشەی کردووە و بە تێپەڕینی کات و گەشەکردنی شارستانی ئاڵۆزکاری تێکەوتووە، کە شێوازی فەلسەفی و ئایینی بە خۆوە گرتووە، هەروەک چۆن شێوازی سۆفیگەری ئایینخوازیشی بەخۆوە گرتووە.
(١) هەر یەک لە ئیبن عەرەبی و عەبدولقادر ئەلجیلی کتێبێکیان ناونیشانی (الأنسان الكامل)ی هەیە، مەبەست لە مرۆڤی تەواو گەیشتنی مرۆڤە بە پلەی کامڵبوون، کە زۆربەی سۆفییەکانی ئیسلام ئەو پلەیە لە حەقیقەتی محەمەدی (پێغەمبەر محەمەد دروودی خوای لەسەر بێت) بەدی دەکەن.
(٢) فیلۆنی ئەسکەندەری کە بە فیلۆ ئەسکەندری ناسراوە، لە شاری ئەسکەندەرییە لە دایک بووە، لە سەردەمی هلینستیدا لە نێوان ساڵانی ٢٠ پێش زایین و ٥٠ پاش زایین ژیاوە.
(٣) لێرەدا تەواو ڕوون نییە نووسەر مەبەستی کلمنتی ڕۆمانییە، یان کلیمنسی یۆنانییە. کلمنتی ڕۆمانی یەکێک بووە لە باوانی کەنیسە و لە ساڵی ٩٨ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، کلمنتی ڕۆمانی زیاتر گوتاری ئایینی هەبووە، زۆرجاران ناوی ئەم پیاوە ئایینییە لەگەڵ تیتۆس فلافیۆس کلیمنس Titus Flavius Clemes، فەیلەسووفی ئایینخوای مەسیحی تێکەڵ دەکرێت، کە لە شاری ئەسینا لە ساڵی ١٥٠ زایین لە دایک بووە، لە ساڵی ٢١٠، یان ٢١٥ زایین کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی گەنجێتیدا لە میانەی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیدا، باوەڕی بە ئایینی مەسیحی هێناوە، چەندان وڵات گەڕاوە و دواتر لە شاری ئەسکەندەرییە گیرساوەتەوە و بە دامەزرێنەری قوتابخانەی ئەسکەندەرییەی لاهووتی بانتینۆس گەیشتووە و بووەتە قوتابی و هاوکاری، دوای مردنیشی بووەتە جێگرەوەی لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەی. خاوەنی چەندان بەرهەمە لە بارەی بیری ئایینی مەسیحی.
(٤) مەبەست لە ناسۆنییەت (الناسونية) ئەوەیە کە سروشتێکی مرۆڤی و دنیایی هەبێت، کە دەکرێت بە پێچەوانەی خەسڵەتی خودایی دابنرێت.
(٥) حەقیقەتی محەمەدی لای ئیبن عەرەبی و سۆفییەکانی ئیسلام بەو مانایەیە کە دوا پێغەمبەر محەمەد (درووودی خوای لەسەر بێت) کاملترین مەخلووقی سەر زەمینە. بڕوانە: محمد حمزه الشيباني، الحقيقة المحمدية في التراث الصوفي، بحث منشور في مجلة مركز دراسات الكوفة، العدد الثاني و الثلاثون، سنة ٢٠١٤.
(٦) زانینی ناوەکی (العلم الباطن) زانینێکە کە عەقڵی ڕەمەکی درکی پێناکات، بەڵکو بەهەوڵ و کۆششی ڕوحی لە (حال)دا بۆ سۆفی کەشف دەبێت.
(٧) بۆ نموونە کوشتنی حەلاج بە لە سێدارەدانی و کوشتنی سەهرەوەردی بە بەندکرنی و نان و ئاو پێ نەدانی.
(٨) دانتی ئەلیجیری Dante Alighieri (1265-1321) شاعیری گەورەی ئیتاڵی خاوەنی کۆمیدیای خواوەند، کە لە سێ بەش پێکهاتووە: (دۆزەخ، پاکبوونەوە، بەهەشت)، ئافرەتێکی بەناوی پیاتریس خۆش ویستووە و بەیەکتر نەگەیشتوون، بەڵام دانتی لەخەیاڵیدا کە لە شیعرەکانیدا دەریبڕیوە، بەو خۆشەویستەی دەگات، خۆشەویستی دانتی بۆ پیاتریس خۆشەویستییەکی ڕوحی بووە.

**سەرچاوە:**
**التصوف.. الثورة الروحية في الاسلام، الدكتور ابو العلا العفيفي، دار الشعب للطباعة والنشر، بيروت، ص ٩ - ٢١.**